# شەڕ

## پێنج هەڵوێستە شیعر سەبارەت بە شەڕ

لە ئینگلیزییەوە: عەزیز ڕەئووف

### شەڕ.....

ستیڤن هێڵداک

شەڕ ناکۆکی براکانە
شەڕ تەقینەوەی بۆمبەکانە
شەڕ گریانی دایکانە
شەڕ کەڵەکەبوونی تەرمەکانە

شەڕ دواکەوتنی فەرمانەکانە
شەڕ کۆتایی گەنجێتیە
شەڕ بەربوونەوەی ناپاڵمەکانە
شەڕ بەفیرۆدانی کاتە

شەڕ تێکەڵکردنی خوێنە
شەڕ خەمابرییەکی ڕاستەقینەیە
شەڕ قوڕێکی تەڕە
شەڕ دواین سنوری شێتێتیە.

شەڕ مردوە بێتاوانەکانە
شەڕ زیاد لە فرمێسکێکە
شەڕ میوانێکی قێزەونە
کە چەندین ساڵ دەخایەنێت.

### ماناکانی شەڕ

ئۆسکار مۆنتانۆ

شەڕ واتە بۆمب
شەڕ واتە تەقینەوەکان
شەڕ واتە ئاگر
شەڕ واتە وێرانکاری
شەڕ واتە ڕق
شەڕ واتە شێواندان
شەڕ واتە کوشتن
شەڕ واتە فرمێسکەکان
شەڕ واتە تفەنگەکان
شەڕ واتە خەسارەت

شەڕ ماناى ئەوە نیە کێ ڕاستە
شەڕ ماناى ئەوە نیە کێ هەڵەیە
شەڕ واتە کێ جێماندێڵێت

## شەڕی من

داکۆتا بۆردیۆ

شەڕی من تفەنگی نیە
شەڕی من کۆتایی نییە
شەڕی من دۆست و دوژمنی تیادا نیە
شەڕی من لەناو خۆمدایە
شەڕ من باش نیە
شەڕی من خراپیش نیە
شەڕی من شەڕ نییە.

## شەڕ

جاکرابیت کریس

شەڕ پیشەی شەیتانە
شەڕ ئەوەیە کە چۆن بریندار دەبین
شەڕ ئەوەیە کە چۆن کۆتایی بە ژیانی ئەو دێت
شەڕ ئەوەیە کە چۆن وام لێدەکات بگریم
شەڕ خێراترین ڕێگەیە بۆ مردن
شەڕ نەمانی ڕێگەی ژیانە
شەڕ ئەوەیە کە چۆن وام لێدەکات ڕقم هەڵسێت
شەڕ نایەڵێت بیربکەینەوە
شەڕ ئەوەیە کە لەنێوان ڕەگەزدایە
شەڕ ئەوەیە کە لە نێوان وڵاتێکدایە
شەڕ هەمیشە لەبەردەرگایە
شەڕ ڕاوکردنە
شەڕ چاوەڕوانییە
شەڕ ئەوەیە کە چۆن هەمیشە ڕابکەین
شەڕ ئەوەیە کە چۆن زۆرێک هەڵگری قیندن
شەڕ ئەو دەرمانەیە کە وەریدەگرین

شەڕ لە هەموو شوێنێکە
شەڕ ئەوەیە کە چۆن وامان لێدەکات سوێند بخۆین
شەڕ ئەو جلانەیە کە لەبەری دەکەین
شەڕ ئەوەیە کە چۆن وامان لێدەکات وەئاگا بێینەوە
شەڕ ئەوەیە کە چۆن وامان لێدەکات بترسین
شەڕ هەمیشە لێرە دەبێت
شەڕ ئەوەیە کە چۆن وامانلێدەکات بترسین
شەڕ ئەوەیە کە چۆن وامانلێدەکات فرمێسک بڕێژین
شەڕ لێرەیە.

## شەڕ

کریستین ڕۆزێندتاڵ

شەڕ شەڕە
شەڕ واتە مردن
شەڕ واتلێدەکات بگریت
شەڕ لە خەمدا جێتدەهێڵێت
شەڕ کوشتنی خەڵکە
شەڕ نایەڵێت هەست بە باشی بکەیت
شەڕ توشی شۆکت دەکات
شەڕ شەڕ شەڕ شەڕ
زۆر شت لە شەڕدا خراپ دەبێت
شەڕ دەتکوژێت
شەڕ واتە شەڕکردن بۆ ژیانی تۆ و ئەوان
شەڕ شەڕ شەڕ شەڕ

### سەرچاوە:

Collected English Modern Poetry. Editing by: Mark Slaughter. Oxford Press, 2007.